# تاراوگە
TARAWGA

**5 Dec. 2018 No. [24]**
Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

**له تاراوگه، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە**

دەرویش مەحمود کەڵەچێری ڕاوێژکارە کوردەکەی سوڵتان سلێمانی قانونی– دکتۆر جەبار قادر، ل1

سەرنجراکێش: سێ پرسیاری زۆر گرنگ ,ئەگەرەکان و هۆکارەکانی لەناوچوونی ئێجگارەکی مرۆڤ چین؟: لوقمان حەویز– تێکساس – ل 2

به نامەیەک ئەڵمانیا باپیری ترەمپی دەرکرد، وەرگێڕانی موزەفەر عەزیز... ل 4

جان لویی فۆیرنییە و ڕۆمانی بۆ کوێ دەڕۆین، باوکە؟ وەرگێڕانی: سەلاح حەسەن پاڵەوان
نوسینی: ئارام سدیق.. ل 5

شێوەکار پەیمان عەبدولقادر: ل8



# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچیت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە.

سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوالییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

05 December 2018
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 24
ساڵی یەکەم 05 دیسەمبەری 2018

# دەروێش مەحمود کەڵەچێری ڕاوێژکارە کوردەکەی سوڵتان سلێمانی قانونی



دکتۆر جەبار قادر

لە نیوەی یەکەمی سەدەی شازدەهەم بە دەگمەن کورد لە دەروازەی باڵا "بابی عالی" و پایتەختی عوسمانی دەبینران، چونکە زۆر نەبوو، پەیوەندی لە نێوان هەردوولا پەیدا ببوو، ئەویش لە دوای شەڕی چاڵدێران 1514و داگیرکردنی بەشی هەرە زۆری کوردستان لە لایەن عوسمانیانەوە. کاتێ باسی ناودارانی کوردی ئەو سەردەمە دەکرێت زیاتر ناوی ئیدریسی بدلیسی لە ناواندایە"تورکەکان بدلیسیان کردووە، بە بتلیس وەکو زۆر ناوی دیکە کە دال دەکەن بە تێ بۆ نموونە مەحمود دەبێت مەهموت و عەلائەدین دەبێت بە ئەلائەتین...تاد". باسی ئیدریسی بدلیسی زۆر کراوە، بیر و بۆچوونەکان لە بارەیەوە ناکۆک و دژبەرن. کەسایەتییەکی دیکەی خەڵکی بدلیس، کە پێگەیەکی گرنگی لە دەروازەی باڵادا هەبووە دەروێش مەحمودە. دەروێش کوڕی سەرۆکی تیرەی کەڵەچێری بوو، کە یەکێ لە تیرەکانی هۆزی بە ناوبانگی ڕۆژەکی بووە، واتا هۆزی میرانی بدلیس. ڕەنگبێ جیاوازی سەرەکی لە نێوان ئەم دوو کەسایەتییە ئەوەبێت کە ڕۆڵی ئیدریسی بدلیسی کاتێک بوو، کە پلانی داگیرکردنی کوردستان و بەکارهێنانی کورد لە دژی شای سەفەوییان داڕێژرا و جێبەجێ کرا. هەرچی دەروێش مەحمودە، دوای بیست ساڵ لەو ڕۆژانە لە سەر شانۆی سیاسی و کارگێری پایتەختی عوسمانی دەرکەوتووە. ڕەنگبێ ئەمە یەکێ لە هۆکارەکان بێت، کە ژیان و چالاکییەکانی ئیدریسی بدلیسی زۆر بە فراوانی باسیان لێوە کراوە، لە کاتێکدا کارەکانی دەروێش مەحمود زۆر بە هەژاری لە مێژوودا تۆمار کراون. بۆ خۆیشی پێدەچێت ئەم پیاوی بڕیارەکانی پشتی پەردە بووبێت. کتێبەکانی ئیدریسی بدلیسیش، کە سەرچاوەکان زیاتر باس لە ٢٨ دانەیان دەکەن، هۆکارێکی دیکەی مانەوەی ناو و ناوبانگێتی لە مێژوودا.

لەم گوتارە کورتەدا ئاماژە بە هەندێ خاڵی سەرەکی ژیان، پێگە و کارەکانی دەروێش مەحمود دەکەم، بە گوتەیەکی دیکە ئەمانە تەنها چەند سەرەقەڵەمێکن لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بەم کەسایەتییە، کە قەولە بەمزوانە بڵاو ببێتەوە.



بە پێی سەرچاوەکان دەبێت دەروێش مەحمود کەڵەچێری لە ساڵانی ١٤٩٤/١٤٩٥–١٥٦٧/١٥٦٨ بێت. لە نامەیەکی بڵاونەکراوەیدا بۆ میری میرانی دیاربەکر، کە ئەم دواییە لە ئەرشیفەکانی عوسمانیدا بینراوەتەوە، خۆی بە دەروێش و شاگردی ئیدریسی بدلیسی داناوە. شەرەفخانی بدلیسی لە شەرەفنامەدا زۆری پێیا هەڵداوە، ئاماژەی بەوەش کردووە کە لە تەمەنی شازدە حەڤدە ساڵیدا زۆر ئازایانە لە گەڵ مەحمەد ئاغای کەڵهۆکی میر شەرەفی باپیریان لە بەند و کۆتی شا ئیسماعیلی سەفەوی ڕزگار کردووە و بردوویانەتەوە بۆ باکوری کوردستان، هەوڵی زۆرشیان داوە بیکەنەوە بە میری بدلیس. دواتر میر شەرەفی باپیرە گوێ لە ئامۆژگاری دەروێش مەحمود و هاوڕێکانی ناگرێت و دەکەوێتە تۆڵە سەندنەوە لە میران و سەردارانی کورد......... بڕوانە ل 3

داواکارین لە تێکڕای نوسەران و ڕۆشنبیران و گەنجان و خوێندەوارانی زمانزانی ئازیزی کورد لە تاراوگە، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەریمان، لە زمانە زیندووەکانی وەک ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەڕەنسی، هۆڵەندی، هتد.. بۆ وەربگێڕنە سەر زمانی شیرینی کوردی، تا بڵاوکراوەکەمانی پێ دەوڵەمەند بکەین. هەروەها داوا لە قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ و پیشەوەرە کوردەکان دەکەین، هەواڵی سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی خۆیانمان بۆ ڕەوانە بکەن، تا لە تاراوگەدا، بە سوپاسەوە بۆیان بڵاوبکەینەوە...

# سەرنجڕاکێش: سێ پرسیاری زۆر گرنگ

# ئەگەرەکان و هۆکارەکانی لەناوچوونی ئێجگارەکی مرۆڤ چین؟



لوقمان حەویز– تێکساس

ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لە داهاتوو چی دەبێت لەسەر هێشتنەوە یان خێراترکردنی لەناوبردنی مرۆڤ؟

ئایا لە ئێستادا تێکڕای کاریگەری مرۆڤ لەسەر پرۆسەی پەرەسەندن Evolutionی خۆی چیە؟

هەوڵ دەدەم لە سێ بەشی کورتدا شرۆڤەیەکی زانستی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بکەم...

بەشی یەکەم:

مێژووی بەبەردبووەکان Fossils.Record لەسەر ڕووی زەوی پێمان دەڵێت لەوەتەی سەرهەڵدانی ژیان لەسەر گۆی زەوی زۆربەی هەرە زۆری جۆری زیندەوەرەکان تەنیا بۆ ماوەیەک درێژەیان بەژیان داوە و ماونەتەوە، دوایی ئەو جۆرانە توشی لەناوچوونی ئێجگارەکی بوون لەسەر گۆی زەوی لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری جیاواز، بەپشت بەستن بەو مێژووە دەبێت بڵێین لەناوچوونی مرۆڤیش وەکو بونەوەرێکی بایۆلۆژی شتێکی حەتمیە و لە داهاتوودا هەر ڕوودەدات، بەڵام پرسیارە گەورەکە ئەمەیە: مرۆڤ جیاواز لە هەموو زیندەوەرەکانی تر بۆتە خاوەنی تەکنەلۆژیا کە کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیشی دروستکردووە لەڕووی بایۆلۆژی لەسەر مرۆڤەکان جگە لە کاریگەریە ژینگەییەکان، ئایا بەرئەنجامی کاریگەری تەکنەلۆژیا لە کۆتاییدا چی دەبێت؟ ئەگەرەکان و هۆکارە سەرەکیەکانی لەناوچوونی ئێجگارەکی مرۆڤ کە لە ئێستادا دەرکی پێدەبەین ئەمانەی خوارەوەن:

1– بەرکەوتنی هەسارۆکەکان، کلکدارەکان و بەردە نەیزەکە گەورەکان بەر گۆی زەوی: بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵەی خۆر و گۆی زەوی ئەمە بەبەردەوامی ڕوویداوە، ئەم بەریەکەوتنانە دەبنە هۆی دەرکەوتنی دیاردەی زستانی ناووکی Nuclear.Winter لەناو بەرگە هەوا یان ئەتمۆسفیری گۆی زەوی، ئەویش بریتیە لە دابەزینێکی تا ڕادەیەک زۆر و کت و پڕ لە تێکڕای پلەکانی گەرما لەسەر ڕووی گۆی زەوی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، ئێستا دەزانین دواجار بەر لە نزیکەی 65 ملیۆن ساڵ ئەمە ڕوویداوە، ئەو کاتە هەرسارۆکەیەک یان بەردە نەیزەکێکی تا ڕادەیەک گەورە کە تیرەکەی نزیکەی 20 کیلۆمەتر بووە بەر گۆی زەوی کەوتووە، بە پێی دوایین لێکۆڵینەوەکان ئەو هەسارۆکەیە لەیەکێک لە کەنارەکانی ئێستای وڵاتی مەکسیک کەوتە خوارەوە، لە ئەنجامدا بەری خۆر لەزۆربەی ناوچەکانی سەر ڕووی زەوی گیرا بۆ چەندەها ساڵ بەهۆی دەرکردنی بڕێکی ئێجگار زۆر لە دوکەڵ و تۆز و گازی کبریت لە ئەنجامی بەریەککەوتنەکە، کە چاڵێکی گەورەی بە تیرەی نزیکەی 200 کیلۆمەتر لەو شوێنە دروستکرد، ئێستاش دوای پتر لە 65 ملیۆن ساڵ شوێنەواری ئەو چاڵە و بەریەککەوتنەکە هەر ماوە، نیوەی شوێنەوارەکە لە ئێستادا لەناو دەریای کاریبیە و نیوەکەی تری لەسەر خاکی وڵاتی مەکسیکە، ئەم بەریەککەوتنە بووە هۆی دابەزینێکی گەورە لە تێکڕای پلەکانی گەرما و دەرەنجام دروستبوونی بەستەڵەکێکی سەرتاسەری لە سەر زەوی، لە ئەنجامدا بەشی زۆری جۆرەکانی زیندەوەران لەناوچوون لەوانە داینەسۆرەکان،



ئەگەری دووبارەبوونەوەی ڕووداوێکی هاوشێوە بەردەوام لە ئارادایە، ئەگەر ڕووبدات ئەگەری زۆرە ببێتە هۆی لەناوبردنی بەشی زۆری زیندەوەران لەسەر گۆی زەوی بە مرۆڤیشەوە...

2– وێرانکردن و زیان گەیاندن بە سیستەمی ژینگەیی گۆی زەوی یان ئەوەی بە ووردی پێی دەووترێت بایۆسفیری گۆی زەوی کە دەکاتە ئەو چینەی سەر ڕووی هەسارەکەمان لە ووشکایی و ئاو و هەوا کە شوێنی ژیان و گەشەی هەموو زیندەوەرانە، لە ئێستادا ئێمەی مرۆڤ تاکە زینەوەرین بتوانین زیانی گەورە بە سیستەمی ژینگەیی بگەیەنین یان بتوانین وێرانی بکەین، بۆزانیاریشتان پتر لە دووسەد ساڵە دەستمان بەو کارەکردووە بە بڕین و لەناوبردنی درەخت و دارستانەکان هەروەها بەردەوامین لە پیسکردنی ژینگە بەئاو وهەوا و خاک و زەریاکان لە ئەنجامی زۆربوونی چالاکیەکانمان دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی، جگە لەوە ئەم کارەمان بۆتە هۆی دەرکەوتنی دیاردەی گەرمبوونی گۆی زەوی و توانەوەی بەفری جەمسەرەکان، ئەویش کاریگەری نەرێنی و مەترسی خۆی هەیە، ئەگەر سنورێک بۆ وێرانکرنی بایۆسفیری گۆی زەوی دانەنێین دەبێتە مەترسیەکی گەورە لەسەر داهاتووی مرۆڤ و زۆربەی هەرە زۆری زیندەوەران...

3– بڵاوبوونەوەی ڤایرۆس و نەخۆشی کوشندە: ئەگەرچی ئەگەری لەناوچوونی ئێجگارەکی مرۆڤ بەم هۆیەوە زۆر کەمترە لەئێستادا، بەڵام هەروەکو مەترسیەک دەمێنێتەوە، دواجار زۆرترین ژمارە و ڕێژەی مرۆڤەکان کە لەناوچوون لە ئەوروپا بوو لەنێوان ساڵانی 1346 و 1353 ئەویش بەهۆی نەخۆشی "تاعونی ڕەش" بوو کە لە ڕێگەی بەکتریای Yersinia.Pestis بڵاوبۆوە، لەو بڵاوبوونەوەیە ڕێژەی یەک لەسەر سێی دانیشتوانی ئەوروپا لەو کاتەدا لەناوچوون، لە ئێستا و داهاتووشدا ئەگەری دەرکەوتنی زنجیرەی نوێ هەیە لە هەندێک ڤایرۆس و بەکتریای کوشندە...

4– شەڕێکی سەرتاسەری بە چەکی ناووکی یان بایۆلۆژی لە ئێستادا یان چەند دەیەی داهاتوودا، لە داهاتوودا لەوانەیە ئەو شەڕە سەرتاسەریە بە چەکی کوشندەتریش ئەنجام بدرێت، لەگەڵ لاوازی ئاستی ئەم ئەگەرە بەڵام هێشتا مرۆڤ لایەنی کەم سەدەیەکی پڕ لە کێشە و تەنگ و چەڵەمەی لەپێش ماوە...

.5کۆمەڵێک ئەگەر و هۆکاری ترش هەن وەکو گۆڕانکاریە گەورەکان لە کەش و هەوا بەهۆی تەقینەوەی گڕکانە گەورەکان یان هۆکاری سروشتی تر، کەمبوونەوەی ژمارەی مرۆڤ تا ڕادەی لەناوچوون، پەرەسەندن Evolution یان سەرهەڵدانی بونەوەری نوێی تر لەسەر زەوی، هێرشی بوونەوەری گەردوونی تر بۆ سەر گۆی زەوی لەگەڵ زۆری لاوازی ئەم ئەگەرەی دوایی...

تێبینی: ئاماژەم بەهەندێک ئەگەر نەکردووە کە لەوانەیە دوای سەدەها ملیۆن ساڵ ڕووبدەن وەکو ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر قەبارە و ووزەی خۆر دا دێن یان بواری موگناتیسی گۆی زەوی، چونکە تا ئەو کاتە نەوەک مرۆڤ بەڵکو لەوانەیە ژیانیش لێرە نەمابێت...

لە بەشی دووەم تیشک دەخەمە سەر ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لە ئێستا و داهاتوودا لەسەر هێشتنەوە یان خێراترکردنی لەناوبردنی مرۆڤ...چاوەڕوان بن...

# لە شەرەفنامەدا باس لەوە کراوە، کە دەروێش مەحمود بۆ ماوەیەکی زۆر لە دادگای بدلیس کاری کردووە و ئەزمونی زۆری پەیدا کردووە..

ئەم کارەی دەبێتە هۆی ئەوەی ساردی بکەوێتە نێوانیانەوە و دواتر لە کاتی هێرشی ئۆڵەمە سوڵتان بۆ سەر بدلیس پشت لە میر شەرەفی باپیرە بکات. هەر لە شەرەفنامەدا باس لەوە کراوە کە دەروێش مەحمود بۆ ماوەیەکی زۆر لە دادگای بدلیس کاری کردووە و ئەزمونی زۆری پەیدا کردووە .

دەوروبەری ساڵی ١٥٣٣ /١٥٣٤ ڕوو دەکاتە ئەستەمۆڵ و بە پێی شەرەفنامە بە هۆی وریایی و زیرەکیەوە لە لایەکەوە و پێویستی زۆری سوڵتان سلێمانی قانونی بە کوردێکی شارەزا لە بارودۆخی کوردستان، دەروێش مەحمود لە خۆی نزیک دەکاتەوە. لە ماوەیەکی کەمدا سوڵتان متمانەی زۆری پێدەکات و دەیکات بە مامۆستا و پەروەردەکاری کچە تاقانەکەی میهری ماه، کە بەرەی ژنە خۆشەویستەکەی ڕۆکسەلانا"خوڕەم سوڵتان" بوو لە تەک پێنج کوڕدا. پێدەچێت دەروێش مەحمود بۆ ماوەی دە ساڵ" ١٥٣٤ – ١٥٤٤ خەریکی بە جێهێنانی ئەم ئەرکە بووبێت. ئەم کچەی سوڵتان دواتر ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە دەروازەی باڵادا، بە تایبەتی دوای کۆچی دوایی دایکی. بە قسەی شەرفخانی بدلیسی دەروێش ببووە کۆڕنشینی پادشا و پلە و پایەی کتێبداری دیوانی دایە، واتا بەرپرسی کتێبخانەی شاهانە کە ناوەکەی "جامع الحیثیات" بوو. لەم پێگەیەیدا دەروێش مەحمود ئەزموونی دەوڵەتداری و کارگێڕی دەوڵەمەندی پەیدا کرد و دەستی دەگەیشت بە کاربەدەستانی باڵای دەوڵەت و لە پێش هەموویانەوە سوڵتان و دەوروبەرەکەی. لە نزیکەوە چاودێری کاربەدەستان و ئێلیتی عوسمانی دەکرد لە میر، وەزیر، بیرۆکرات و هەموو ئەوانەی دەم و دویان لە گەڵ کتێبدا هەبوو و دەچوونە کتێبخانە. ئاگاداری هەموو فەرمان و بڕیارەکانی دەروازەی باڵاش بوو چونکە کتێبخانەکە وەک ئەرشیف وابوو بۆ فەرمان و نامە گرنگەکانی سوڵتان و دەزگا فەرمییەکانی دەوڵەتی عوسمانی. لەم ڕێگەیەوە دەروێش مەحمود شارەزایی تەواوی لە سیستەمی بیرۆکراتی عوسمانی و کاروباری سیاسی پەیداکرد. شەرەفخانی بدلیسی ئەوەشمان بۆ دەگێڕێتەوە کە میران وسەردارانی کورد بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان لە دەروازەی باڵا بەر لەوەی بچنە لای هیچ کاربەدستێک، ئامۆژگاری و ڕێنمایییان لە دەروێش مەحمود وەردەگرت و داوای هاوکارییان لێ دەکرد.

پێدەچێت دەروێش ئەرکەکانی زۆر بە باشی بەجێ هێنابێت، ئەمەش بووە هۆی پێشکەوتن و هەڵکشانی بە پایەکانی دەسەڵاتدا لە دەرباری سوڵتان سلێمانی قانونی. لە هەمان کاتدا بوو بە هاودەم و ڕاوێژکاری یەکێک لە کەسە هەرە نزیکەکانی سوڵتان کە داماد ڕۆستەم پاشا بوو، داماد بە واتا زاوای سوڵتان دێت. ڕۆستەم پاشا مێردی کچە تاقانە و خۆشەویستەکەی سوڵتان سلێمان قانونی میهری ماه بوو.

ڕۆستەم پاشا میهری ماهی خواست و سوڵتان یەکسەر هەر



لەو ساڵەدا ١٥٤٤ کردی بە سەدری ئەعزەم "سەرۆک وەزیران"، کە لە ١٥٤٤ تا کۆچی دوایی لە ١٥٦١دا، دوو ساڵی لێ دەرچێت، لەو پۆستەدا مایەوە. هۆکاری دوورخستنەوەکەی کوشتنی مستەفای کوڕی سوڵتان بوو لە ژنە کۆنەکەی لە ساڵی ١٥٥٣. وادیارە لە ناوبردنی مستەفا بە پیلانی ڕۆکسەلانا و کچەکەی و زاواکەی بووبێت بۆ ئەوەی سەلیمی کوڕە گەورەی ڕۆکسەلانا ببێت بە شازادەی جێنشین و سوڵتان لە دوای مردنی باوکی. سوڵتان لە ژێر فشاری ڕۆکسەلانا و میهری ماهدا بڕیاریدا ساڵی ١٥٥٥ ڕۆستەم پاشای بگەڕێنێتەوە بۆ پۆستەکەی واتا سەدری ئەعزەم. شەرەفخانی بدلیسی ئاماژە بەوە دەکات کە سەدری ئەعزەم ڕۆستەم پاشا سەبارەت بە کاروباری کورد و کوردستان هەمێشە گوێی لە دەروێش مەحمود گرتووە و ڕێنماییەکانی جێبەجێ کردووە. ئەمەش وەک ئاماژەمان پێکرد بەرهەمی پەیوەندی توند و تۆڵی دەروێش بوو لە گەڵ هاوسەری ڕۆستەم پاشا، میهری ماه. کە دەروێش مامۆستا و پەروەردەکاری بوو. ئەم پەیوەندییە لە گەڵ سەدری ئەعزەمدا لە ساڵی ١٥٤٤، کە ڕۆستەم پاشا تێیدا بوو بە سەدری ئەعزەم، زیاتر پەرەی سەند. وادیارە دەروێشیش لە پلە و پایەکەی خۆیدا بەردەوام بووە، هەرچەندە مەلا مەحمودی بایەزیدی لە دەستنووسێکی دواتری شەرەفنامەدا دەڵێت: گوایە کراوە بە سەنجەق بەگی بدلیس، بەڵام شەرەفخانی بدلیسی باسی ئەمەی نەکردووە. لە نامە بڵاونەکراوەکەی دەروێش مەحموددا بۆ بەگلەربەگی دیاربەکرد ئاستی خوێندەواری باڵای و کەسایەتی و پێگەی بەهێزی دەردەکەوێت. لەو نامەیەدا، بەزمانێک قسە لەگەڵ فەرمانڕەوایەکی زۆر باڵای دەوڵەتدا دەکات، کە پێگەی بەهێز و دەستڕۆشتنی دەردەخات.

ئەم گوتارە کورتە تەنها بۆ ناساندنی ئەو کەسایەتییەیە، نەک بۆ هەڵسەنگاندنی کردەوە و چالاکیە سیاسییەکانی.

ئەوانەی خوازیارن زانیاری زۆرتری لە بارەوە بزانن دەتوانن گوتارەکە لە ژمارەکانی ئایندەدا بخوێننەوە.

# بەم نامەیە ئەڵمانیا باپیری ترەمپی دەرکرد

ئەم دیکیۆمێنتە لەساڵی 1905 لەنوسینگەی ناوچەی(دیورکهایم) دەرچووە: مانەوەی (فریدریش ترەمپ) لەئەڵمانیا قەدەغەدەکرێت....



لەلایەن (هانز-و.زاورە)ەوە


کالشتات:-ئەمە بەڵگەیەکی( دەگمەن) وەسفنەکراوە، کە لەئارشێوی شاری (شپایەر) لەدەڤەری راینلاند- پفالتز)ماوەتەوە، لێکۆڵەر و پسپۆری وار(رۆڵاند پاول 65 ساڵ)، ئەو دیکیۆمێنتەی دۆزیوەتەوە، کەبەهۆیەوە باپیرەگەورەی ترەمپ لەئەڵمانیا دوورخراوەتەوە(وڵاتبەدەرکراون) !

ئەم کاغەزە ڕێکەوتی 27 ی فێبریوەری 1905لەسەرە، کاتی خۆی نوسینگەی پاشایەتی لەدیورکهایم، کەئەنجومەنی پارێزگای(کالشتات) بووە دەریکردوە، بەهۆیەوە: ئەوەی کەئێستا دەکەوێتە کالشتات هاوڵاتییەکی ئەمریکایی وخانشین (فریدریش ترەمپ)ە، کەپەڕاوی بۆبکرێتەوە،ئەو دەمێکە و تا 1ی مای ساڵی بەرێ، دەبوو ناوچەی دەسەڵاتی بایەر جێبهێڵێت، گەر نا ئەوا ناسنامەو پەڕاوەکانی دەستی بەسەردا دەگیرێت. رۆڵاند پاول بەڕێوەبەری خانەنشین لە ئینستیتۆی پفالتز بۆ دیرۆک وفۆلکلۆر، رونیدەکاتەوە: فریدریش ترەمپ ساڵی 1885 لەئەڵمانیا بەرەو ئامریکا کۆچ دەکات. بەهەرحاڵ بەبێ ئەوەی لەڕووی کارگێڕییەوە کارەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت لەو شوێنەی کە نیشتەجێیە، ناوی خۆی لەشارەوانی بسڕێتەوە و بەر لەوەی خزمەتی سەربازیش بەجێ بگەیەنێت ڕۆیشتووە، لەبەرئەوە فەرمانگەکان لەساڵی 1905بۆ دووبارە بەهاوڵاتی بوونەوەی ڕەزامەندیی پیشان نادەن. بەمەش فریدریش ترەمپ(1869-1918)، ئیتر لەوە بەدواوە ویستویەتی وەک پیاوێکی دەوڵەمەند بگەڕێتەوە ناوچەکەی خۆی لەدەڤەری پفالتز. لە ئامریکا بەگەڕان بەدوای زێڕ دەستی بەکارکردن کردووە، دواتر کارگەیەکی ئابووری خۆراکی بەڕێوەبردووە، هەروەها دواتر وەک زانراوە (خانووی لەشفرۆشان)یشی داناوە. بەم شێوەیە پارەی پەیداکردووە. لەسەردانێکیشیدا بۆ وڵاتەکەی ساڵی 1901 فریدریش ترەمپ عاشقی کچێکی گەنجی پفالزی بەناوی (ئیلیزابێت) دەبێت، دوای ساڵێک دەیهێنێت و بەیەکەوە دەچنە یو ئێس ئا، بەڵام هاوسەرەکەی ترەمپ دیسا دەگەڕێتەوە ئاڵمانیا. فریدریش ترەمپ لەبەڵێننامەیەکیدا لەهەموو شتێکی خۆی خۆش دەبێت، تاکو مۆڵەتی مانەوەی پێبدرێتەوە. لە 06.06.1905 گلەیی نامەیەک ئاڕاستەی پاشا لویتپۆلد(پاشای ئەو کاتی دەسەڵاتی بایەر) دەکات و تێیدا دەنووسێت:



موزەفەر عەزیز

(خۆشەویستی بێ وێنە، زاناو دادپەروەری وڵاتی باوک )و(خاوەنشکۆ). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵی میر نەرم نابێت و بەڕەقی داواکەی و ئەو هەموو (تکاو میانڕەویی نیشاندانە)ی ڕەت دەکاتەوە. بۆیە ئیدی لە01.07.1905 ترەمپەکان بەیەکجاری ئەڵمانیا جێدەهێڵن. ئەمەو لە هامبۆرگ سواری کەشتیی هەڵمی(HAPAG) هاپاگ دەبن و بەرەو پەنسلڤانیا و بەئاڕاستەی نیویۆڕک ڕێ دەکەن. لەوسەروبەندەشدا ئەلیسابێت ترەمپ دووگیان دەبێت. لەپاش سێ مانگ لە (کوینز)- لەنیویۆڕک-باوکی دۆنالد ترەمپ بەدنیا دێت.




وێنەکە ساڵی 1918گیراوە: باپیری دۆناڵد ناوی خۆی لەفریدریشەوە بۆ فریدریک دەگۆڕێت و ئەوەی تەنیشتیشی فریدی کوڕیەتی کەدەکاتە باوکی دۆناڵد ترەمپ..

سەرچاوە بیلد

# جان لویی فۆیرنییە و ڕۆمانی بۆ کوێ دەڕۆین، باوکە؟

## ئارام سدیق



سەلاح حەسەن پاڵەوان





زۆرجار ئەوەی ئەدەب دەتوانێت گوزارشتی لێ بکات هیچ شتێکی دیکە ناتوانێت گوزارشتی لێ بکات و وەکو خۆی بیخاتەڕوو. ئەوە هێزی ئەدەبە دەتوانێت من لەگەڵ پاڵەوانی نێو ڕۆمانێکی مارکیز، یان ساراماگۆ، یان دای سیجی و مویاندا کۆ بکاتەوە. ئەدەب ئەو هێزەی هەیە سنوورەکان تێکدەشکێنێت و بەبێ گوزەرنامە هەموو سەرزەمینەکان دەپشکنێت و دەیانکاتە ماڵی خۆی. ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو دوو کورتە ڕۆمانی نووسەری فەرەنسی جان لویی فۆیرنییەم خوێندەوە، کە ئارادەیەکی زۆر سەرسامیان کردم. سەرسامییەک کە ماوەیەکی زۆرە کەم ڕۆمانی کورت هەیە ئەوەندە سەرسامی کردبێتم. سەرسامی بە سادەیی گێڕانەوە و قووڵی بینینی نووسەر. هەڵبژاردنی بابەت و ئەو هەموو ڕووداوە سەیر و سەرنجڕاکێش و پەنهانە کە ڕۆژانە بەریان دەکەوین بەبێ ئەوەی هەستیان پێ بکەین .ئەم دوو ڕۆمانەی جان لویی فۆیرنییە لە دوو تویی کتێبێکدا بەناونیشانی "بۆ کوێ دەڕۆین، باوکە؟" چاپ و بڵاوکراوەتەوە و کە یەکەمیان هەمان ناویشانی کتێبەکەی هەیە و دووەمیشیان بەناوی "باوکم هەرگیز کەسی نەکوشتووە"یە، کە سەلاح حەسەن پاڵەوان لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی و ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبی عەبدولڕەحمان زەبیحی لە دوتوێی 296 لاپەڕەدا چاپ و بڵاویکردوونەتەوە. لەم نوسینەدا تەنها هەڵوەستە لەسەر ڕۆمانی یەکەم دەکەم کە ناوی "بۆ کوێ دەڕۆین، باوکە؟"یە و قسەکردن لەسەر ڕۆمانی دووەم بۆ دەرفەتی دیکە هەڵدەگرم. "بۆ کوێ دەڕۆین، باوکە؟"، چیرۆکی باوکێک دەگێڕێتەوە کە دوو منداڵی خاوەنپێداویستی تایبەتی هەیە بە ناوەکانی ماتیۆ و تۆماس. نووسەر لە ڕێی گێڕانەوەیەکی سادەوە و بە کەسی یەکەم دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو باوکە دەکات، کە گیرۆدەی دەستی منداڵە خاوەنپێداویستییە تایبەتەکانییەتی. ئەو باوکە سەرەتا یەک منداڵی خاوەنپێدوایستی تایبەتی هەیە و هاوڕێ و دۆستەکانی داوای لێدەکەن بەختی خۆی تاقیبکاتەوە و منداڵێکی دیکە بهێنێتەوە بوونەوە بەشکم ئەو بەو شێوەیە خاوەنپێداویستی تایبەت نەبێت، بەڵام لە بەختی ئەم باوکە کڵۆڵە ئەویش هەر خاوەنپێداویستی تایبەت دەبێت. باوکەکە خاوەنی ئارامی و سەبرێکی زۆرە و ئازارێکی زۆر دەچێژێت بۆ ئەوەی منداڵەکانی بەباشی پەروەردە بکات، بەڵام زۆرجاریش ئیدی تەواو لە ژیان بێزار دەبێت و نازانێت ڕوو لە کوێ بکات. بۆیە منداڵەکانی دەخاتە نێو ئۆتۆمبێلەکەی و بە شاردا دەیانگێڕێت. لەم کاتانەدا یەکێک لە منداڵەکان لە باوکی دەپرسێت: "بۆ کوێ دەڕۆین، باوکە؟" ئەویش هیچ وەڵامێکی ئەوتۆی پێ نییە بیداتەوە. لە لاپەڕەکانی سەرەتادا نووسەر کە دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکی ئەم باوکە بەدبەختە دەکات لە جێگەیەکدا ئاماژە بە ڕستەیەکی سەرنجڕاکێش دەکات، کە باوکەکە دەڵێت: "دروستکردنی منداڵ کارێکی ترسناکە، گەمەیەکی پروپووچە، هەمووکاتێک تێیدا سەرکەوتوو نابیت." ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە منداڵخستنەوە هونەر نییە، بەڵکو پەروەردەکردنی منداڵ هونەرە. ئەوەی ژمارەیەکی زۆر منداڵ بخەیتەوە هونەر نییە، بەڵام پەروەردەکرن و ئامادەکرنیان بۆ نێو کۆمەڵگە و کردنیان بە مرۆڤی بەرهەمدار گرنگە. ئەوەی پەروەردەکردنی منداڵی لە هەرێمی کوردستاندا سەختتر کردووە، ئەو سیستمە پەروەردە سەقەت و ئەو کولتورە پاشکەوتووەیە کە بە زەحمەت دەتوانرێت منداڵ لە لێکەوتە خراپەکانی ڕزگار بکرێت.

وەک نوسەر ئاماژەی بۆ دەکات ئەگەر لە دایکبوونی منداڵێک پەرجوویەک بێت، ئەوا لە دایکبوونی منداڵێک ناتەواو پەرجووترە بەمانایەکی پێچەوانەوە. دەشێت لێرەدا نوسەر مەبەستی لەوە بێت کە ئەگەر بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ و ئامادەکردنی بۆ نێو کۆمەڵگە و کردنی بە کاراکتەرێکی سوودمەند و چالاک لە کۆمەڵگەدا لە پەرجوویەک بچێت، ئەوا هاوکێشەکە بۆ منداڵێکی ناتەواوی خاوەنپێداویستی تایبەت دوو هێندە سەختە و پەرجووترە.

باوکە بە سەبرەکە لەگەڵ ماتیۆ و تۆماسی جگەرگۆشەی تا دوا ڕادە بە سەبرە و بەردەوامە لە خزمەتکردنیان و ژیانی خۆی دەکاتە قوربانی بۆیان، بەڵام دایکیان لەبەر سەختی دۆخی بەرگەی ئەو عەزابە ناگرێت کە ڕۆژانە منداڵەکانی بە بەرچاوییەوە دەچێژن و ناچارانە بەجێیان دێڵێت تا ئیتر ئەو دۆخە نەبینێت، چونکە توانای بەرگەگرتنی ئەوانی نەماوە. هەڵهاتنی دایکی ماتیۆ و تۆماس و بە جێهێشتیان بە تەنها پێدەچێت بۆ پیشاندانی ئەو زەجر و زەحمەتە بێت کە نووسەر بیەوێت ئەوە بچەسپێنێت کە تەحەمولکردنی منداڵی خاوەنپێداویستی تایبەت زۆر قورسە و دایک چەند میهرەبان و دڵگەورە بێت، بەڵام جێگەیەک هەیە ناچار دەبێت لەو دۆخ و ژیانە هەڵبێت کە منداڵانی خاوەنپێداویستی تایبەتی تێدایە. باوکی تۆماس و ماتیۆ هەر لەسەرەتاوە بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەو عەزابەی دوو منداڵە خاوەنپێداویستییە تایبەتەکە دەیچێژن هۆکارەکەی خۆیەتی چونکە ئەوە ئەوە ئەوانی هێناوەتە دونیاوە و ئەگەر ئەو نەبوایە ئەوان بەو دۆخەوە نەدەهاتنە نێو ژیانەوە. بۆیە لە جێگەیەکدا دەڵێت دەمەویت داوای لێبوردنیان لێ بکەم. پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە وەکو نووسەری ئەم ڕۆمانە دەیڵێت ئایا ئەو باوک و دایکانەی منداڵی خاوەنپێداویستی تایبەتیان هەیە خۆیان چ تاوانێکیان هەیە؟ ئایا ئەوان لە کوێی ئەم هاوکێشەیەدان؟ ئەمانە و دەشێت چەندین پرسیاری دیکە بکەین. بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارگەلە ئاسان نییە، بەڵام مەرج نییە ئینسان وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دەست بکەوێت، بەم مرۆڤ مەحکومە بەوەی بەدوای وەڵامی پرسیارەکاندا بگەڕێت. ڕۆمانەکە لە بەش و ڕستەی کورت پێکهاتووە، بەڵام چەندە کورتە ئەوەندە کاریگەر و جوان و سەرسامکەرانە نووسراوە، کە دۆخی ئەو باوک و دایکە ئازارچەشتووە بە دەست منداڵەکانیانەوە دەخاتەڕوو. خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە دونیایەکمان پێ دەناسێنێت کە لە نزیکمانەوەیە، بەڵام هەستمان پێ نەکردووە. بۆیە گرنگی ئەم جۆرە لە ڕۆمان دەشێت دەروازەیەک بێت بۆ ڕێنمایکردنی ئەو دایک و باوکانەی کە خاوەنی منداڵی خاوەنپێداویستی تایبەتن تا بتوانن بە شێوەیەکی باشتر و بە ئارامی زیاترەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. دەستخۆشی بۆ کاک سەلاح حەسەن پاڵەوان و وەرگێڕانی ئەم تێکستە گرنگ و پێویستە بۆ کتێبخانەی کوردی و هیوای بەردەوامیش بۆ ناوەندی توێژینەوەی عەبدولڕەحمانی زەبیحی.

به سوپاسەوە لە سایتی (خاک) وەرگیراوە.

# عەبدول ڕەحیم زاپسوو. نوسینی موسا عەنتەر
# و. لە تورکییەوە: بەکر شوانی*







عەبدول ڕەحیم زاپسوو شاعیر و نوسەر بوو. لە نزیکەی هەموو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا بڕێکی زۆر شیعری نەتەوەیی و ئاینی و وتاری هەیە. تەنانەت لە ژێر کاریگەریی داستان و ئەدەبیاتی میللیی کوردیدا پیەسێکی دوو پەردەیی بە ناوی "مەمێ ئالان" نووسیوە و لە "ژین"دا بڵاوی کردووەتەوە. جگە لەوە، لە ئیستانبوڵ لەگەڵ عەبدوڵا جەودەت و عەزیز بابان و زیا گوێکئالپ لە باڵەخانەی زەرد کە سەر بە وەقفی گۆڕی سوڵتان مەحموودە، قوتابخانەی کوردییان بۆ منداڵانی کورد کردبووەوە. هاوکات خۆی و شێخ شەفیق ئەفەندی دوو پێشەکییان بۆ شاکاری بێ هاوتای "مەم و زین"ی ئەحمەدێ خانی کە تا ئەو کاتە وەک دەستنووس لە تەکیە و حوجرەکان پارێزرابوو، نووسیبوو و بە چاپیان گەیاندبوو.

لێرە نارۆم تا باسی خەلیل خەیاڵی خەیاڵی مۆدان (مۆتکی)ش نەکەم. ئەو کاتەی من خەلیل خەیاڵی بەگم بینی و ناسیم، بە پلەی گەورەی ئەندازیارانی کۆلێژی دارستانی ئەم سەردەمە خانەنشین کرابوو. پیاوێکی بەساڵاچووی تا بڵێیت گەش و جوان بوو. خەلیل خەیاڵی بەگ مرۆڤێکی لە ڕادەبەر بەکولتوور و خاوەن قەڵەمێکی جوان بوو و تیشکی ئەڤینی نیشتیمان لە چاوانیدا دەبریسکایەوە. هەموو جارێک دەیگوت: "هەموو ئومێدم ئەوەیە تا لە ژیاندا ماوم ڕزگاریی میللەتی کورد ببینم کە لەم کاتەدا لە ژێر پێی میللەتانی ستەمکاردا دەناڵێنێت بێ ئەوەی شایەنی ئەو سووکایەتی و بەکەمزانینە بێت." لەگەڵ نەزمیە خاتوونی کچیدا دەژیا. نەزمیە خاتوون دەرچووی کۆلێژی ""ی ئیستانبوڵ بوو. دوای مردنی باوکیشی، پەیوەندیی خێزانیمان هەر بەردەوام بوو. نەزمیە خاتوون پاش ساڵانێکی زۆری خزمەت لە وەزارەتی دەرەوە، خانەنشین کرابوو. کاتێک لەبارەی سەرپەرشتیکردنی باوکییەوە پرسیارم لێی دەکرد، لە وەڵامدا دەیگوت: "موسا، چۆن خزمەتی ئەم مرۆڤە عابیدە ناکەم؟ هەم باوکمە و هەم ناسیۆنالیستێکی بەناموسی کوردە." خەلیل خەیاڵی بەگ بەر لە مردنی، کتێب و بەڵگەنامە و دەستنووسەکانی خۆی دا بە من. هەندێک شاکاری گرانبەهای وەک دەستنووسی دیوانی حاجی قادری کۆیی بە دەستوخەتی خۆی، ڕێزمانی کوردیی زیا گوێکئالپ بە دەستوخەتی خۆی و کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی خۆی دەربارەی زمانی کوردی لەو گەنجینەیەدا بوون. بەڵام بەداخەوە ساڵی ١٩٧٢ کاتێک دەستگیر کرام، دەست بەسەر ئەو گەنجینەیە و کتێبخانەکەمدا گیرا و هەمووی برایە دادگای عورفیی دیاربەکر. کاتێک دوای ئازادبوونم سۆراخی کتێبەکانم کرد، پێیان گوت هەمووی سووتێندراوە. لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا باسی ئەوەم کردبوو کە عەبدول ڕەحیم زاپسوو خەزوورم بوو. منیش وەک پووره ناجیە، وەک هەردوو چاوم خزمەتم دەکرد، چونکە هەم باپیرەی منداڵەکانم و هەم شاعیر و نووسەرێکی هێژای کورد بوو. دوای ئەوەی لەگەڵ بەدیعوزەمان لە شەڕی بدلیس بریندار دەکرێت و بە دیلی دەکەونە دەست ڕووسەکان، زاپسوو لە ڕووسیا شیعرێک بە سەردێری "عەشقا وەلات" دەنووسێت کە من لێرەدا لە سۆنگەی نواندنی ڕێزەوە بۆ یادی وی دایدەنێم.

عەشقا وەلات

بهار هات شین بوو گیا
ئو لبەر کرن خەملین چیا
گەشتان بکن سەر کانیا
ژ خرەیری دچت شبهێ زیا
بەرِاق، پاک و سافیا
عەشقا وەلات! عەشقا وەلات!
تە جەرگ و مەیلاکێ مە پات.
جارەکی دن من دیبا خوەزی
کۆنێ د ڕەش کربت ب زی
تو ماست ل سەر ئاڤێ تازی
زەرەیەت وەکی سرمێ کەزی
عەشقا وەلات! عەشقا وەلات!
تە جەرگ و مەیلاکێ مە پات.
بۆچی ژ تە ئەم بوون جودێ
مە تەرک کرن لەزەت سەفا
شاهانە گۆچە دانە گەدا
هاتن ل بن خانیێ مەدا
عەشقا وەلات! عەشقا وەلات!
تە جەرگ و مەیلاکێ مە پات.
کانی! وەلاتێ سەرحەدان
لەورا گۆ گەر بوونە شڤان
دەنگێ بلووران نالیان
دەنگێ هاواران گازیان
عەشقا وەلات! عەشقا وەلات!
تە جەرگ و مەیلاکێ مە پات.
دەنگەک تونە شوغلەک عەجیب
ئەم مانە ل سەر گرا غەریب
دوور بوون وەلاتێ ژ دل فەریب
جارەک دی، ئێ بت نەسیح؟
چوونا ل وی ڕەبێ موهیب
عەشقا وەلات! عەشقا وەلات!
تە جەرگ و مەیلاکێ مە پات.
دبێژن وەلات بۆ دوژمنە
ئەز ساغ ببم قە مومکینە؟
غیرەت حەمیەت تا بمینە
عەشقا وی مێهڤانێ منە
عەشقا وەلات! عەشقا وەلات!
تە جەرگ و مەیلاکێ مە پات.

------------

* بەکالۆریۆسی ڕۆژهەڵاتناسی-بازنەی تورکیاناسی، زانکۆی بۆن، ٢٠١٦
* بەکالۆریۆسی زانستی نەوت و کانەکان، زانکۆی بەغدا، ١٩٩١

# چەند هەواڵێکی ئەدەبی و هونەری لە تاراوگە

## (تۆڵەی شەرەف)ی هونەرمەندی شانۆیی و سینەماکاری کورد ئەکرەم سولەیمان لە هەفتەی توندوتیژی خێزانی لە هۆڵەندا نمایشکرا..



ئەکرەم سولەیمان لە هەفتەی توندوتیژی خێزانی لە هۆڵەندا.. ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 29–11–2018 کات 13.00، لە شاری دانهاخ، یەکێ لە دواکارە هونەریەکانی هونەرمەندی شانۆیی و سینەماکاری کورد ئەکرەم سولەیمان نمایش کرایەوە، بەناوی (تۆڵەی شەرەف)، (Doc Theater discusse) کە کارێکی، کە بینەر ڕۆڵی سەرەکی لە کاتی نمایشکردنەکەدا تێیدا بینی....لەم ناونیشانەی خوارەوە:

Hoefkade 602, 2526 CM Den Haag

Op Donderdag 29 november spelen wij een #docu–#theater–#discussie#voorstelling" Eerwraak" (Theaterstichting OOIT )Van Akram Sulayman ,Het gaat om een verloren liefde door verschillende culturen, om de macht van de man over de vrouw, om #eerwraak en #familiedrama . Veel persoonlijke verhalen zijn de basis voor deze voorstelling, waarin u als publiek een belangrijke rol gaat spelen .
U bent van harte uitgenod:
Hoefkade 602, 2526 CM Den haag inloop: om 13 00 uur

## پیشانگای داهاتووی هونەرمەند دڵشاد کوێستانی لە لوفت گالری. لە وڵاتی میسر..




هونەرمەندی شێوەکاری کورد دڵشاد کوێستانی، یەکێکە لە هونەرمەند ناسراوەکانی فەڕەنسا، ڕۆژی ١١–١٢–٢٠١٨ کات شەشی ئێوارە لە زەمالک، لە لۆفت گالەری لە شاری قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسر پێشەنگای تایبەتی خۆی دەکاتەوە. کوێستانی هەرلە گەنجییەوە، تێکەڵاوی ناو دنیای هونەر، ئەدەب، گۆرانی و شانۆ بووە، تا ئێستا لە 20 وڵات پێشەنگاکانی کردۆتەوە.

## پێشانگای دووەمی گەڵاکانی پایز لە شارەوانی مووردایك لە هۆڵەند



ئاشتی گەرمیانی– هۆڵەند– ڕۆژی 2018/11/09 کۆمەڵەی کوردی موردایک لە شارەوانی موردایک لە هۆڵی شارەوانی شارۆچکەی زەیڤن بێرخن بە ئامادە بوونی 11 هونەرمەندی شێوەکاری کوردی و هۆڵەندی وە کۆمەڵێک لە دۆستان و ڕۆشنبیران و ڕەوەندی کورد ئامادەیی کردنەوەی پێشانگای دووەمی گەڵاکانی پایز بوون ، کە سەرەتا بەرێز کاک لەتیف عومەر بە ئاڵای کوردستانەوە ووتەیەکی بەخێرهاتن و مەبەستی چالاکی یە هونەری یەکەو کۆمەڵەی کوردی خستە ڕوو ، دواتر بە بەشداری هونەرمەندان پێشانگاکە کرایەوە ، کە پتر لە ٣٢ تابلۆ بوون. لە هونەرمەندە کوردەکان، کە بەشدار بوون هونەرمەندان (عومەر ڕەسوڵ و ئاشتی گەرمیانی و خالید ڕەسوڵ و بژار حەمدی) و لە هونەرمەندە هۆڵەندیەکان (کۆری ئۆلتۆف و کۆری لیڤەریس و ئانی لافەرسین وتۆس میکەرس و نیل کنۆک ) وە هونەمەندی جۆرجی خاتوو (تیا شاموغایی) و هونەرمەندی فەرنسی خاتوو (نیللی مەداولت) بەشداری پێشانگاکە بوون و هەریەکەیان بە ستایل و شێوازی تایبەتی خۆی کە دەربڕینی لە جوانی و هاوچەرخێتی و کەلتوورو بیرۆکەی وولآت و ژیانداری خۆی دەکرد ، لە کارە هونەریەکانی هونەرمەندانی کوردیش بێگومان چەندین شێوازی جیاوزو بیرۆکەو دەربڕین و سروشتی جوانی کوردستان و پۆرتێرێتی کوردو کولتووری کوردی تێدا نمایش کرابوو ، لەلای هونەرمەندەکانی تریش هەریەک بە پێی ئەزموون شارەزایی و وورد بینی لە هونەری شێوەکاری ، کارە هونەریەکانی خۆیانیان خستبووە ڕوو. کۆمەڵەی کوردی موردایک ساڵانە ئەم جۆرە پێشانگایانە نمایش دەکات وە ڕێکی دەخات لە نێوان هونەرمەندانی کورد و ئەوروپییەکان بە ناوی پێشانگای ئەنتەرناسیوناڵ و پێکەوە کار کردن و نمایش کردنی کەلتووری وولآتەکانیان ، کە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە ژیانی ڕۆژانەی ئەورووپادا ، وە هەر ئەم چالاکیانەش دەبێتە هۆی ئاڵوو گۆڕی کەلتووری و کەڵچەری نەتەوەیی میللەتانەوە بۆ ناسینی گەل و نیشتیمان و فۆرم و کەسایەتی ، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە مرۆڤ تێکەڵی جیهانی یەکتری دەبێت ، ئەوەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی گرنگی کۆمەڵەی کوردی موردایک کە تەنها کاری پێشانگا نی یە بەڵکو لە چالاکی تریشدا خۆی دەدۆزێتەوە وەکو ئاهەنگی سەری ساڵانەو نەوۆزی کورد و جیهان کە ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت بۆ کۆ کردنەوەی ڕەوەندی کورد لە شارو شارۆچکەکان و دیداریان لەو شەوەداو پیرۆز کردنی ئەو ڕۆژە نەتەوەیی یە کە نەورۆزە ، بێجگە لە یادەکانی تریش کە لەو ساڵەدا ئەنجامی دەدات. پێشانگای دووەمی پایز لە شارۆچکەی زەیڤن بێرخن هەنگاوێکە بۆ خزمەتی کەلتووری کوردی وە پێکەوە ژیان و کار کردن و بەرەو پێش بردنی دۆستایەتی کوردو ئەوروپا، دوور لە شەڕو وێران کاری و داگیر کردن و ئەنفال و زیندە بەچاڵ کردن .. کە دووریین بە لاّم تابلۆکان باس و خواستی ئەو ڕۆژانانەن وە لەدایک بوویی ئەو ڕۆژە سەختانەن، کە میللەتی کورد بەسەریدا تێدەپەڕێت و بە وێنەیەکی تر دەخرێتە بەر چاوی میللەتانی جیهان.

## هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد




# پەیمان عەبدولقادر

هونەرمەندی شێوەکار، پەیمان عەبدولقادر لە ساڵی 1965 لە گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی لەدایک بووە، بەبەردەوامی بەشداری بەشداری پێشنگای تایبەتی و هاوبەشی لە کوردستان و دەرەوە کردووە، ساڵی 1987 ژیانی هاوسەری لەگەڵ هونەرمەند عومەر ڕەسوڵدا پێکەوەناوە و خاوەنی 3 جگەرگۆشەن بەناوەکانی: ڕۆژ، پروشە و پاتۆ. لە ساڵی 2000 دا مۆزەخانەی شاری ماسلاوس تابلۆیەکی (پەیمان)یان کڕیووە و ئێستا لەوێ دانراوە، ئەم هونەرمەندە هەر لە منداڵیەوە عەزی بە وێنەکێشان کردووە و لە گەڕەک و لە قوتابخانە وێنەی بۆ منداڵانی تر کێشاوە و ئەو حەزو خۆلیایە لەگەڵیدا گەورە بووە و بۆتە خۆسەویستییەکی هەمیشەیی، ئەگەر ڕۆژانە تابلۆیەک نەکێشایە وایدەزانی شتێکی بزرکردووە، لە هەموو پێشەنگاکانی قوتابخانەکاندا هاوبەشی کردووە و هەمیشە تابلۆکانی ئەمیان بە باشترین وێنە دەستنیشانکردووە، هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ عومەر ڕەسوڵدا، زیاتر هانی داوە بەردەوام بێت لەسەر هونەری شێوەکاری، سەرەتا تابلۆکانی بە بۆیەی ڕۆنی دەکێشا، کە عومەری ناسی کارەکانی گۆڕا بە ڕەش و سپی و زیاتر لە جیهانی هونەر قوڵبووەوە. لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکانەوە ئاوارەی هۆڵەندا بووە، لەگەڵ خانەوادەکەیدا لەشاری ماسلاوس نیشتەجێ بووە، کار بۆ ئەو توشبووانە دەکات، کە ئالودەی ماددە هۆشبەرەکان بوونەتەوە و تووشی نەخۆشی دەروونی بوون، لەڕێگەی کارەکەیەوە هەوڵدەدەن بیانگێڕنەوە ناو کۆمەڵ، وەک مرۆڤێکی سوودبەخش. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/omar.rasul.35










# تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807